کاری نایەسەند

مەیمونێك واڕاهاتبوو لە هەر کۆڕێکدا باسی هەرچییەك بکرایە، ئەم خێرا هەڵی دەدایەو بێ ئەوەی داوای یارمەتی بکات یان باسەکە پەیوەندی بەوەوە هەبێت، یەکسەر بەشداریی لە باسەکەدا دەکرد. ئەمە گیاندارانی ناو دارستانی بێزار کردبوو، بە چاوێکی جیاوازەوە تەماشای ئەو مەیمونەیان دەکرد.

ڕۆژێکیان ئاسك و زەڕافە پێکەوە باسی وەرزی زستانیان دەکرد. چی بکەن و چی ئامادە بکەن! لەم کاتەدا مەیمونەکە پەیدا بوو، یەکسەر کەوتە گفتوگۆو وەڵامی ئەو پرسیارانەی دایەوە کە ئەوان لە یەکتریان دەکرد. ئەمە ئاسك و زەڕافەی زۆر نیگەران کرد، بۆیە بڕیاریاندا کە کارێك بکەن مەیمون ئەو کردەوە ناشیرین و ناپەسەندە وازلێبهێنێت.

ئاسك وتی ئەمجارە کە هاتەوە من دەڵێم هەر کەسێك بێ یارمەتی وەرگرتن بەشداریی لە کارو قسەی کەسانی تردا بکات چی لێبکرێت باشە، تۆ وەڵام مەدەرەوە با ئەو وەڵام بداتەوە. ئەو چی وت وای لێدەکەین، بەڵکو بەو هۆیەوە ناچاری بکەین واز لەو کرداره بهێنێت. ئەمان لەم قسانەدا بوون مەیمونەکە پەیدا بوو. بێ ڕۆژباش کردن و چاکوچۆنی چووە لایان و دانیشت.